# یاسای وەبەرهێنان و بەدواچوونێکی پێویست

سەلام عەبدوڵا
dwaroj@yahoo.de





بەدواچوون لەبارەی بواری هەرە گرنگی ژیانی زۆربەی خەڵکی کوردستان هێشتا بەسەرنەچووە: پێشی چەند مانگێک حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەکی گەرموگوڕ و جەسورانە و بەبێ گوێدان بە ملیونان هێزی کارو پێکهاتی سەرەکی کوردستانیان و هێزی کاری دەرەکی، یاسای وەبەرهێنان بۆ سەرمایەدارانی کوردو دەرەکییەکان دەرکرد. دەرکردنی ئەو یاسایە لە غیابی یاسای کار، نە ڕێکەوتە، نە لەبیریانکردووەو بوارێک نییە پێیان نەزانیبێت. بۆیە بەبێ دوودڵی دەتوانین بڵێین خاوەن سەرمایە لە کوردستان نموونەیەکی زیندوو و لەبەرچاوە بۆ ئەوەی کە بازنەی هەرە گرنگی دەسەڵات و پلەوپایە هەرە گرنگەکانی ناو حزب، سوپا، ئاسایش و پەرلەمان، پێکدەهێنن. بە حەق ئەمە جێگای سەرسامبوونە: حزبەکان لەناو خۆیان بوون بە دوو حزب: خاوەن سەرمایەکان(سوارچاکەکانی"مۆنیکا"و"لەیلا عەلەوی"-ئەمانە بێ شەرمانە لەبەردەم منداڵ، هاوسەرو کچەکانیان بەو شێوەیە ناوی ئۆتۆمبیلەکانیان دەهێنن و دووریش نییە کە "سواری دەبن" بگەنە ئۆرگازم-) و هێزی لەبن نەهاتووی کارگەران!
سەرمایەدارو مشەخۆرەکانی دەوروبەریان لە کوردستان بەشێکن لە سەرمایەدارانی جیهان و پشتگوێخستنی ماف و داخوازییەکانی چینەکەمان، هەڵویستێکی تایبەت، نوێ و دەگمەن نییە لە مێژووی ئەو گەنە. ئەسپێ، هویرەو کێچانە(سەرمایەداران)ی جیهان، بە پێچەوانەوە، ئەو"پیاوە زۆر بەحورمەت، بەرێزو نیشتمانپەروەرانە"بە ئەمانەتەوە، مەبەست، نیازو بەرژەوەندی سەرمایەی جیهانی بە زمانی پاراوی دایکمان، دەربڕیوە .
بەبێ ئەوەی بچینە ناو یاسا وەحشیانەکەی سەرمایەدارانی بەریتانیا، شوێنی خۆیەتی ئاماژە بەم حەقیقەتە بدەین:(پەرلەمانی ئەنگلیزی لە1802تا1833پێنج یاسای دەرکرد لەبارەی کار، بەڵام بەوپەڕی دڵسۆزییەوە هەوڵیاندا بۆ ئەوەی دەنگ لەسەر سەنتیمەترێکی نەدەن تا ئەو یاسانە پەیرەو نەکرێن. بۆیە وەک حبری سەر پەڕە مانەوە...ئەو دەستکەوتانە کە چینی کرێکاران بەدەستیانهێنا بۆ ماوەی30ساڵ وەک دەستکەوتگەلێکی رووکەوش و پەتی، مانەوە-سەرچاوە: مارکس، کەپیتاڵ، لاپەڕەی387.-)
ئێستا پاش تێپەڕبوونی204ساڵ بەسەر دەرکردنی یەکەم یاسای کار، حکومەت و پەرلەمانی کوردستان یەکەمجار یاسای وەبەرهێنانیان دەرکرد-ئای لەم ئابروچوونە-بەبێ ئەوەی پرسەگورگانە لە سەندیکا کرێکارییەکان بکەن. ئایا ئەو بەرێزانە پاساویان چییە بۆ دواخستنی یاسای کار؟

یاسای وەبەرهێنان، یاسای سەرمایەدارە نیشتیمانی و دەرەکییەکانە بۆ هێزی کار کە کاڵایەکە وەک هەر کاڵایەکیترو لەبازاڕدا دەکڕدرێت و دەفرۆشرێت و بەهاکەی وەک بەهای هەر کاڵایەکی ترەو سەرمایەدارە"بەڕێزو بەحورمەتەکان"دەیانەوێت بە ئارەزووی خۆیان ئازادبن لەم سەوداکارییەو بەکردەوە پەیڕەوی ئازادی خۆیان کرد.



<<ئێمە ئازادیمان ناوێت بۆ تاکەکان؟ ئەی حزبەکان پەیڕەوی بازاڕی ئازاد ناکەن؟ ئەی لیبرالیزم و ئاڵوگۆڕی ئازاد نەکراوە بە سیاسەتی ڕێکخستنی ئابووری لە کوردستان؟ ئاخر ئەو نەفامانە چیتریان دەوێت، بەراستی سەیرن و لەهیچ و خۆڕایی سەرودڵمان دەگرن!<<. ئێمەش وەک هێزی بازوو ڕێک وەک ئەوان دەمانەوێت خۆمان لە ئەقڵ و فکرو یاساو رەوشتی گەندەڵی ئەوان ئازاد بکەین!

ئێمە ماوەی 15ساڵە خەباتدەکەین لەپێناو دەرکردن و پەیڕەوکردنی یاسای کار لە کوردستان و پێدەچێت جۆرەکانی خەباتمان تا ئێستا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە، دەسەڵاتداران ناچاربکەین یاسای کار دەربکەن، بۆیە دەبێ بە شێوازی جۆراوجۆر درێژەبدەین بە خەبات لە پێناو بەدیهاتنی ئەم یاسایەو نابێ چاوەڕوانی هیچ لایەنەیەک ببین، چونکە سەرمایەدارەکان بە ئارەزووی خۆیان مل بە داخوازییەکانی ئێمە نادەن و تا پێیان بکرێت وەک برا ئەنگلیزەکانیان، دوای دەخەن .




محەمەد کەریم(سەرۆکی دەزگای هاندانی وەبەرهێنان) وتی: (لەراستیدا یاسای وەبەرهێنان دایکی یاساکانە و دڵی گەشەی ئابووری وڵاتە. بۆیە گرنگی خۆی هەیەو دواکەوتن هەڵناگرێت- لە رۆژنامەی کار، ژمارەی20، ریپۆرتاژی کوێستان عەبدولرەحمان، لاپەڕەی 11(.-

ئێمە دەبێ هێزی خۆمان کۆبکەینەوەو وەک ئەو بەرپرسە بڵێین: بەڕێز: بەڵام بۆ ئێمە یاسای کار نەک هەر دایکی یاساکانە، بەڵکو باوک و کۆرپەکەیەتی، بۆیە گرنگی خۆی هەیە و دواکەوتن هەڵناگرێت .

لەدواییدا پرسیار لە کرێکاران و سەندیکاکان دەکەم: ئایا پاش 15ساڵ لە داخوازی هێمنانە، کاتی ئەوە نەهاتووە داخوازییەکانمان بە شێوەیەکی هێمنانە بۆ سەر شەقامەکان ببەین؟

لە هە فتە نامە ی )**xalk**(بلاوکراوە